Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090306

# نواندنی دروستەی ڕستە لە زمانی کوردییدا-بەپێی ڕێزمانی فەرهەنگی-ئەرکی

**ئارام ڕەشید مەجید**

بەڕێوبەرایەتی پەروەردی کەرکووک

*Article Info*

Received:February,2022
Accepted : April,2022
Published :July ,2022

*Keywords*

دروستەی وەچەپێکهاتە، دروستەی ئەرکی، ئەرکی فای ϕ، ئەرکە ڕێزمانییەکان

*Corresponding Author*

arammajeed@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بتایبەتە بە تیۆریی ڕێزمانی فەرهەنگی-ئەرکی. ئەم تیۆرییە یەکێکە لە تیۆرییە سینتاکسییەکان، کە لە دروستە سینتاکسیی و ئەرکییەکانی زمان دەکۆڵێتەوە. بنەماکانی ڕێزمانی فەرهەنگی-ئەرکیی وەکو مۆدێلێکی ڕێزمان لە چەندیین زماندا پەیڕەوکراوە. دروستە سینتاکسییەکانی چەندیین زمان بەپێی ئەم تیۆرییە نواندنیان بۆ کراوە و خراونەتەڕوو. بەڵام لە زمانی کوردییدا بنەماکانی ئەم تیۆرییە بەکارنەهێنراوە و تا ڕادەیەکی زۆر لێکۆڵەرانی زمانی کوردیی لێکۆلینەوەیان لەسەر ئەم تیۆرییە و بەپێی ئەم تیۆرییە نەکردووە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، کە وەکو هەوڵێکی سەرەتا و دەستپێکێکە بۆ ئاشنابوون بە ڕێزمانی فەرهەنگی-ئەرکیی. هەروەها هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی ئەو بنەمایانەی، کە ئەم ڕێزمانە لەسەری دەڕوات. لەگەڵ ئەوەیشدا ئامانجی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە خستنەڕووی نواندنی دروستەی ڕستەیە لە زمانی کوردییدا بەپێی بنەماکانی ئەو تیۆرییە.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکیی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان؛ لە دوو بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا، بنەمای تیۆریی و چەمکە بنچینەییەکانی تیۆرییەکە خراونەتەڕوو. هەروەها سەرهەڵدان وئامانجی تیۆرییەکە لەم بەشدا باسکراوە. پەیوەست بە چەمکە بنچینەییەکانی تیۆرییەکەوە باسی دروستەکانی فەرهەنگ و وەچەپێکهاتە و ئەرکیی کراوە.

لە بەشی دووهەمی توێژینەوەکەدا باسی ئەرکە ڕێزمانییەکان و دروستەی ڕستە بەپێی تیۆریی ڕێزمانی فەرهەنگیی – ئەرکیی کراوە. لە تەوەرێکی دیکەدا باسی ڕۆڵی ئەرکی فای ϕ لە پێکەوەبەستنی دروستەی وەچەپێکهاتە و دروستەی ئەرکییدا کراوە.

**پێشەکی:**

تیۆری ڕێزمانی فەرهەنگی – ئەرکی لە کۆتایی ساڵانی (١٩٧٠)کانەوە سەریهەڵداوە. وەکو تیۆرییەکی سینتاکسی چەندین توێژینەوە و کتێبی تایبەت بە تیۆرییەکە نوسراوە و بڵاوکراونەتەوە. تیۆرییەکە هەر لە سەرەتاوە کاری بە چەند چەمک و بنەمایەک کردووە، کە هەندێکیان هاوبەشەن لەگەڵ تیۆرییە سینتاکسییە نوێیەکانی وەکو (تیۆری بەرهەمهێنان، دروستەی ئارگومێنت،..هتد)، بەڵام هەندێکیان جیاوازتر بەکارهێنراون.

ڕێبازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی (وەسفی – شیکاری) ئەنجامدراوە. تیۆری و بنەماکانی ڕێزمانی فەرهەنگی-ئەرکی بۆ خستنەرووی نواندنی دروستە سینتاکسییەکان وەرگیراوە.

گرفتی توێژینەوەکە: دیاریکردنی دروستەی وەچەپێکهاتە و دروستەی ئەرکی ڕستە گرفتێکی توێژینەوەکەیە. هەروەها گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە دیاریکردنی دروستەی ڕستەیە لە زمانی کوردییدا بە پێی تیۆری ریزمانی فەرهەنگی – ئەرکی.

بەشی یەکەم:

١. بنەمای تیۆری و چەمکە پێویستەکان

١.١. سەرهەڵدانی ڕێزمانی فەرهەنگی – ئەرکی Lexical Functional Grammar / LFG[١]

تیۆری ڕێزمانی فەرهەنگی – ئەرکی تیۆرییەکی تیۆرییەکی زمانەوانییە، کە لایەنە جیاوازەکانی دروستە زمانەوانییەکان و چۆنیەتی پەیوەندییان بە یەکەوە دەخاتەڕوو. کە سەرەتا لە کۆتایی ساڵانی (١٩٧٠)کان لەلایەن (Joan Bresnan) و (Ronald Kaplan)ەوە بڵاوکرایەوە. بنەما بنچینەییەکانی ئەم تیۆرییە لە لێکۆڵینەوەکانی ئەو دوو لێکۆڵەرەوە داڕێژران و بڵاوکرانەوە. دواتر تیۆرییەکە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە و چەندین گۆڕانکاری لە تیۆرییەکەدا کرا. جگە لەو دوو لێکۆڵەرە: چەند لێکۆڵەرێکی دیکەیش لە دوای ئەوانەوە ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەپێدانی تیۆرییەکە؛ لەوانە (Yehuda Falk) و (Mary Dalrymple)[٢].

هەرچەندە تیۆری ڕێزمانی فەرهەنگی - ئەرکی بە مۆدێلێکی ڕێزمانی بەرهەمهێنان دادەنرێت، بەڵام ئەم تیۆرییە لە سەرەتای پەیدابوونیەوە وەکو ناڕازیبوونێك لە جەختکردنی تیۆری ستانداردی فراوانکراو Extended Standard Theory لەسەر گوێزانەوەکان سەریهەڵدا. یەکێك لەو ڕەخنانەی (Joan Bresnan) و (Ronald Kaplan) لە تیۆری ستانداردی فراوانکراویان گرت: تێبینی ئەوەیان کرد، کە ژمارەیەکی زۆر لە زانیارییە سینتاکسییەکان وەها دەردەکەون، کە بنەماکانی دروستەی فرێز تێدەپەڕێنن. بۆ نموونە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا بەپێی ئەو جێکەوتەیە دیاریدەکرێت، کە توخمێك لە هێڵکاری درەختییدا دەیگرێت. لە فۆرمە ئەبستراکتەکەی هێڵکاری درەختییدا بکەر لە جێکەوتەی دیاریکار specifier و بەرکار لە جێکەوتەی تەواوکەری complement کرداردا دەردەکەوێت. بەڵام هەمبەر بەوە؛ لە تیۆری ڕێزمانی فەرهەنگی - ئەرکییدا پەیوەندییە ڕێزمانییەکان توخمی بەرایی و بنەڕەتی کردارن. واتە پەیوەندییە ڕێزمانِییەکان لە دەروازە فەرهەنگییەکانی کردارەکەدا هەن، نەك ئەوەی بە هۆی جێکەوتەیانەوە لە هێڵکاری درەختییدا دیاریبکرێن[٣]. دیاردە زمانییەکان لە کارەکانی (Chomsky)دا لە ڕێگەی یاساکانی گواستنەوەوە لێیاندەکۆڵرایەوە و لێکدانەوەیان بۆ دەکرا. بەڵام لە تیۆری LFGدا لە ڕێگەی فەرهەنگەوە Lexicon لێکدانەوەیان بۆ دیاردە زمانییەکان دەکرد[٤]. ئەم تێڕوانینە بۆ توخمە زمانییەکان کاریگەری هەبوو لەسەر چەند تیۆری و ڕێسایەکی سینتاکسی و بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی هەبووە، لەوانە (ڕێزمانی پەیوەندییەکان و ڕێزمانی بەبڕشتی Valency grammar )[٥].

٢.١. ئامانجی تیۆری ڕێزمانی فەرهەنگی – ئەرکی LFG

تیۆری LFG تیۆرییەکی زمانەوانییە، کە لایەنە جیاوازەکانی دروستە زمانەوانییەکان و چۆنیەتی پەیوەندییان بە یەکەوە دەخاتەڕوو. لە تیۆری ڕێزمانی فەرهەنگی – ئەرکییدا ئاستی سینتاکس بە ئاستێکی سەنتەر و پێکهاتەیەکی سەرەکی دادەنرێت. واتە نواندن و شیکردنەوەکانی لە ئاستی سینتاکسدایە. زاراوەی 'سینتاکس'یش بۆ پەسنکردنی دیاردە رووکەشییەکان بەکاردەهێنێت، وەکو ریزبوونی وشەکان، دروستەی فرێز (بە شێوەی درەختی)، دروستەی وەچەپێکهاتە..هتد. هەر بۆیە تیۆری LFG پێشنیازی ئەوە دەکات، کە نواندنی سینتاکسی بۆ دوو ئاست لەیەکجیابکرێنەوە؛ ئەوانیش: دروستەی وەچەپێکهاتە constitute structure و دروستەی ئەرکی functional structure. گرنگترین ئامانجی ئەم تیۆرییە دیاریکردنی ئەو مۆدول و یەکە زمانیيانەیە، کە پێکەوە پەیوەستن بۆ شیکردنەوەی زمانەوانی. دیاریکردنی دروستەی ناوەکییان و کۆتوبەندەکانیان و پەیوەندیی نێوانیان. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆرییەکەوە هەر دوو مۆدولی دروستەی وەچەپێکهاتە و دروستەی ئەرکی بوون بە سەنتەری شیکردنەوەی زمانەوانی تیۆرییەکە[٦].

٣.١. چەمکە بنچینەییەکانی LFG

تیۆری ڕێزمانی فەرهەنگی – ئەرکی بەپێی چەند چەمکێك دیاردە زمانییەکان لێکدەداتەوە و دروستەکەیان ڕووندەکاتەوە. تیۆرییەکە لە سێ

[١]- لە هەندێک شوێنی لێکۆڵینەوەکەدا کورتکراوەی LFG بەکارهێنراوە لەبری ئەوەی بنوسرێت ڕێزمانی فەرهەنگی - ئەرکی.

[2] -Broadwell (2014). The Routledge Handbook of Syntax. London: Routledge Taylor & Francis Group. P556.

[3] - Carnie (2000). Syntax. Oxford: Blackwell Publishers.P334-335

[4] - Richards & Schmidt (2002). Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics. 3rd edition. Essex: Pearson Education Limited. P306.

[5] - Matthews (2007). The Concise Oxford dictionary of Linguistics. 2nd edition. Oxford: Oxford University Press.P223

[6]- Dalrymple, M. and Findlay, J. 2019. 5. Lexical Functional Grammar. In: Kertész, A., Moravcsik, E. and Rákosi, C. ed. *Current Approaches to Syntax*. Berlin, Boston: De Gruyter Mouton, pp. 125-126.

**جۆری سەرەکی دروستە دەکۆڵێتەوە: (١) دروستەی فەرهەنگی (٢) دروستەی ئەرکی functional (3) دروستەی وەچەپێکهاتە Constituent. دروستەی سینتاکسی هەر ڕستەیەك ئەو سێ دروستەیە لەخۆدەگرێت. تیۆرییەکە زانیاریی دەروازە فەرهەنگییەکان بۆ نواندنی دروستەی ئەرکی و دروستەی وەچەپێکهاتە بەکاردەهێنێت. واتە لە ڕێگەی دروستەی ئەرکی و دروستەی وەچەپێکهاتەوە ڕستە دەنوێنرێت. بۆیە بە شێوەی جیا تایبەتمەندییەکانی هەر سێ دروستەکە دەخەینەڕوو.**

**٤.١. دروستەی فەرهەنگی**

**وەکو لە ناوی تیۆرییەکەوە دەردەکەوێت (تیۆریی ڕێزمانی فەرهەنگی – ئەرکی) بەشێکی سەرەکی تیۆرییەکە بایەخدانە بە فەرهەنگ. چونکە " زانیارییە سینتاکسی و واتاییەکان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەوەیش دەستەبەری ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستەی دروست و واتاڕاست و پێچەوانەکەی بناسێتەوە. واتە فەرهەنگ ئەو زانیاریانە لەخۆدەگرێت، کە قسەپێکەری هەر زمانێك بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕاست و دروست پێویستی پێیەتی"[٧].بۆ نواندنی دروستە سینتاکسییەکان پەنادەبرێتەبەر دروستەی مۆرفۆ-فۆنۆلۆژییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان، ئەوانیش لە فەرهەنگدان. واتە "فەرهەنگ دروستەی ئەبستراکتی / نابەرجەستەی مۆرفۆ-فۆنۆلۆژیی و نیشانە / فیچەرە سینتاکسییەکانی (بە نیشانە پۆلەڕەگەزییەکان Categorial features و نیشانە دەوروبەرییەکانیشیەوە Contextual features) هەر توخمێکی فەرهەنگی دیاریدەکات[٨].**

**پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە تیۆریی LFG یاساکانی ڕێزمانی گواستنەوەی پەسەندنەکردووە، بەڵکو پێیوایە، کە ئەوە توخمە فەرهەنگییەکانن دروستەی ڕستەکە دەنوێنن. دەروازە فەرهەنگییەکانی هەر توخمێك item لە دروستەکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن[٩].**

**لە تیۆریی LFGدا زانیارییە فەرهەنگییەکانی توخمەکان لە دوو دروستەی سینتاکسییدا دەنوێنرێن (١) دروستەی ئەرکی و (٢) دروستەی وەچەپێکهاتە.**

**٥.١. دروستەی ئەرکی Functional Structure**

**هەروەها بەشێکی دیکەی ناوی تیۆرییەکە ئەرکییە (ڕێزمانی فەرهەنگی – ئەرکی)، کەواتە ئەم تیۆرییە جگە لە بایەخدانی بە توخمە فەرهەنگییەکان، بایەخ بە لایەنی ئەرکییش دەدات. دروستەی ئەرکی بەجفرەکردنی ئەو زانیاریانەیە، کە دەربارەی پەیوەندییە ئەرکییە جیاوازەکان لە نێوان بەشەکانی ڕستەدا هەن. بۆ نموونە زانیارییەکانی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی وەکو بکەر و بەرکاری ڕستەکە. هەروەها زانیارییە مۆرفۆسینتاکسییەکانی وەکو: دۆخ، ژمارە، کەس، تاف،...هتد[١٠]. پەیوەندییە ڕێزمانییەکان و زانیارییە مۆرفۆسینتاکسییەکان پەسنن / وەسفن attribute بۆ دروستەی ئەرکی. بۆ نواندنی بەهای پەسنەکە ئەم هێمایانە بەکاردەهێنرێن: هێمایەکی ئەتۆمی (↑↓)، دەربڕدراوێکی پریدیکاتی سیمانتیکیی (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ...)، یان دروستەیەکی نیشانەیی (±، -، +، ..). لە دروستەی ئەرکییدا، وەچەپێکهاتەی سەرەوە، کە پێیدەگوترێت وەچەپێکهاتەی دایك/سەرەوە؛ بە هێمای (↑) دیاریدەکرێت، بەڵام وەچەپێکهاتەی خوارەوە، کە پێیدەگوترێت وەچەپێکهاتەی کچ/خوارەوە؛ بە هێمای (↓) دیاریدەکرێت[١١].**

**لەبەر ئەوەی دروستەی ئارگومێنت بەشێکە لە دەروازە فەرهەنگییەکانی پریدیکات. لە تیۆریی LFGیشدا دروستەی ئارگومێنتی پریدیکات خاڵی سەرەتای پێکهێنانی دروستەی ئەرکی ڕستەیە. بۆ نموونە دروستەی ئارگومێنت و زانیارییە فەرهەنگییەکانی کردارێکی وەکو (دەهێنێت) لە تیۆریی LFGدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوێنرێت[١٢]:**

1) دەهێنێت : کردار (↑پریدیکات) = 'هێنان <(↑بکەر) , (↑بەرکار)>'
(↑تاف) = ڕانەبوردوو
(↑ژمارەی بکەر) = تاک
(↑کەسی بکەر) = سێهەم

**لە نموونەی (١)دا، دەروازە فەرهەنگییەکە ئەوە دەردەخات، کە دەهێنێت کردارە. کرداری (دەهێنێت) وەکو پریدیکاتێك داوای دوو ئارگومێنتی خورتی دەکات، کە ئەوانیش بکەر و بەرکارن و لە نێوان دوو هێماکەدا < > ئاماژەیان پێکراوە. ئەو هێمایانە بۆ نواندنی ئارگومێنتە خورتییەکان بەکاردەهێنرێن. هەروەها لە دەروازە فەرهەنگییەکەدا تافی کردارەکەیش بە ڕانەبوردوو دیاریکراوە، چونکە کردارەکە لە فۆڕمی ڕانەبوردوودایە. لە دروستەی کردارەکەدا ژمارەی بکەرەکە و کەسی بکەرەکە لە ڕێگەی /-**

---

7- (أ) عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣). نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆڕمە گۆڕاوەکان. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی- بەشی B . ژ (١٢). سلێمانی. لا ٦٦.

(ب) زاهیر سەعید (٢٠١٩). نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردییدا. نامەی دکتۆرا. بەشی زمانی کوردیی-کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانیی. سلێمانیی. لا ٥.

8 - Chomsky (1988). Lectures on Government and Binding- The Pisa Lectures. 5th edition. Dordrecht: Foris Publications Holland. P5.

9 - Trask (1993). *A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics*. London: Routledge Publishers. P156.

10 - (a) Sells (1985). *Lectures on contemporary syntactic theories*. California: Center for the study of Language and Information. P144.

(b) Broadwell (2014: 557).

11 - Bussmann (2006). Routledge Dictionary of Language and Linguistics. London: Routledge. P676.

12 - بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: Carnie (2000: 338)

**یت/هوە دیارییکراوە، کە ژمارەکەی (تاك)ە و کەسەکەی کەسی (سێهەم)ە[١٣].**

**پێویستە یاساکانی دروستەی فرێز لە LFGدا بە سێ کۆتوبەندی فۆڕمدروستییدا تێبپەڕن، کە وەکو پاڵێوەر/فلتەر ڕۆڵ دەبینن[١٤]:**

**(ا) ڕێسای یەکانگیری ئەرکیی: پێویستە لە دروستەی ئەرکییدا هەموو پەسنێک attribute تەنها یەک بەهای هەبێت. واتە لە دروستەی ئەرکیی و لە دروستەی وەچەپێکهاتەکەیدا یەک بەهای هەبێت.**

**(ب) ڕێسای تەواوکەری ئەرکیی: دروستەی ئەرکیی کاتێک تەواو و پڕاوپڕ دەبێت، ئەگەر هەموو ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەی لەخۆگرتبێت، کە پریدیکات هەڵگریەتی.**

**(پ) ڕێسای پەیوەستبوونی ئەرکیی: لە هەموو وەچە- دروستەیەکی دروستەی ئەرکییدا، هەموو ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەی، کە دەتوانرێت حوکمبکرێن، لەلایەن پریدیکاتی وەچە-دروستەکەوە حوکمدەکرێن.**

**بۆ خستنەڕوو و بەجێهێنانی ئەو سێ کۆتوبەندەی سەرەوە، بڕوانە نموونەی (٢-٥):**

**٢. پیاوەکە ماستاوەکەی خواردەوە.**

**٣. *پیاوەکە خواردەوە.**

**٤. *ماستاوەکە خواردەوە.**

**٥. *پیاوەکە ماستاوەکەی ئاوەکەی خواردەوە.**

**لە ڕستەی (٢)دا، کرداری خواردەوەو هەڵگری دوو ئەرکی ڕێزمانییە، بکەر و بەرکار، کە ئەوانیش لە دروستەی ڕستەکەدا لە ڕێگەی (پیاوەکە = بکەر) و (ماستاوەکە = بەرکار) نوێنراون. واتە دروستەکە پاڵێوەری ڕێسای (ب)ی تێپەڕاندووە (لەگەڵ ڕستەی (٣-٥)دا بەراوردیبکە). هەر یەکێک لە فرێزە ناوییەکانی (پیاوەکە) و (ماستاوەکە) وەکو دوو پەسنی دروستەکە دوو بەهایان هەیە، هەر پەسنێک تەنها یەک بەهای هەیە (پاڵێوەری ا). هەر دوو ئەرکە ڕێزمانییەکەی بکەر و بەرکار لەلایەن پریدیکاتی ڕستەکەوە خواردەوە حوکمدەکرێن (پاڵێوەری پ).**

**نموونەکانی (٢-٥) ئەوە دەردەخەن، کە دروستەی ئەرکیی ڕستەیەک، پریدیکات بە تایبەتیی بەهای پەسنی پریدیکاتەکە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکیی دەبنە بنەما. واتە پریدیکات وەکو بنەما ئەوە دیاریدەکات، کە چیی ئەرکێک لە دروستەکەدا ڕێگەپێدراوە. چیی جۆرە فرێزێکیش دەتوانێت ئەو ئەرکە ببینێت.**

### ٦.١. دروستەی وەچەپێکهاتە Constitute Structure

**دروستەی وەچەپێکهاتە (هەروەها دروستەی پۆلەڕگەزیشی پێدەگوترێت) لە ڕێگەی دروستەی فرێز (درەختیی)، ڕیزبوونی وشە، وەچەپێکهاتە و پۆلەڕەگەزی سینتاکسییدا بە شێوەی کۆنکریتکراویی و لە ڕووکەشدا دەنوێنرێت. دروستەی وەچەپێکهاتە لە نێو زمانەکاندا جیاوازە، بە هۆی جیاوازیی دروستە سینتاکسییەکان لە زمانەکاندا. ئەرکی دروستەی وەچەپێکهاتە خستنەڕووی زانیاریی ڕووکەشیانەی زیادترە سەبارەت بە چۆنیەتیی بەجفرەکردنی ئەرکەکان لە زمانێکی دیاریکراودا[١٥].**

**دروستەی وەچەپێکهاتە بە ڕێسای 'یەکپارچەیی لێکسیکیی' کۆتوبەندکراوە. بەپێی ڕێساکە لە هەر گرێیەکی تێرمیناڵییدا/لاییدا (ئەو گرێیەی، کە لە هێڵکاریی درەختییدا بە گرێی خوارەوە نەبەستراوە) پێویستە وشەیەک هەبێت، کە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە وشەیەکی تەواوبێت. ئەمەیش دوو ئەنجامی ڕاستەوخۆی هەیە:**

1. **نابێت لە گرێی تێرمیناڵیی دروستەی وەچەپێکهاتەدا مۆڕفێم یان دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی بچووکتر لە وشە هەبێت.**
2. **نابێت لە گرێی تێرمناڵیی دروستەی وەچەپێکهاتەدا یەکەیەکی سینتاکسیی گەورەتر لە وشەی مۆرفۆلۆژییانە هەبێت.**

**پوختەی ئەو دوو ئەنجامە ئەوەیە، کە توخمە فەرهەنگییەکان، بەبێ ئەوەی فۆڕمەکەیان بچووکتر یان گەورەتر بکرێت، لە دروستەی وەچەپێکهاتەدا بەکاربهێنرێن[١٦].**

**کاتێك توخمە فەرهەنگییەکان دخرێنە نێو دروستەی وەچەپێکهاتەوە، زانیارییە ئەرکییەکان و تایبەتمەندییەکانی لەگەڵ توخمە فەرهەنگییەکاندا پێکەوەدێن[١٧]. کەواتە دروستەی وەچەپێکهاتە زانیاریی دەروازە فەرهەنگییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان لە سینتاکسدا دەنوێنێت. بڕوانە نموونەی (٦) و نواندنی دروستەی وەچەپێکهاتەکەی لە هێڵکاریی درەختیی (١)دا.**

**٦- پۆستەچییەکە نامەکە دەهێنێت.**

**(١) هێڵکاریی درەختیی بۆ ڕستەی (٦) بە پێی دروستەی وەچەپێکهاتە[١٨].**

[١٣] - بەکارهێنان و واتای هێمای تیشکەکە (↑) دواتر ڕووندەکرێتەوە.

[١٤] سەرچاوەی پێشوو (ل٦٧٧)


[15] Ash Asudeh & Ida Toivonen (2009:3)

[١٦] سەرچاوەی پێشوو (ل٤)

[17] -Carnie (2000:338).

[١٨] - (ا) بۆ هێڵکارییە درەختییەکە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە (a2014) Miriam Butt

(ب) بەپێی ڕێسای یەکپارچەیی لێکسیکیی تیۆرییەکە نابێت لە گرێی تێرمیناڵیی دروستەی وەچەپێکهاتەدا مۆڕفێم یان دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی بچووکتر لە وشە هەبێت (بڕوانە لاپەڕە 7)، هەربۆیە ناوەکان دەبنە پرۆژەی فرێزی ناویی لە هێڵکاریی درەختیی (1)دا، نەک نیشانەی ناسراویی /-ەکە/ ببێتە پرۆژەی فرێزی دیارخەریی DP، چونکە لە زمانی کوردییدا نیشانەی ناسراویی /-ەکە/ مۆڕفێمێکی بەندە و بە ناوەکەوە دەلکێنرێت.




**بەشی دووەم:**

**٢. ئەرکە ڕێزمانییەکان لە ڕێزمانی فەرهەنگیی – ئەرکییدا**

**لە ڕێزمانی فەرهەنگیی – ئەرکییدا ئەم ئەرکە ڕێزمانییانە هەیە: بکەر، بەرکار (ڕاستەوخۆ)، بەرکار-Ө سێتا / ناڕاستەوخۆ)..هتد. مەبەست لە Ө سێتا لە بەرکارەکاندا، واتە ئەو سێتا ڕۆڵەیە، کە بەرکارەکە لە ڕستەکەدا وەریدەگرێت. سێتا ڕۆڵەکە لەگەڵ ئەرکە ڕێزمانییەکەدا دەنوسرێت. بڕوانە نموونەکانی (٦، ٧):**

**٦. کۆترەکە گەنمەکەی خوارد.**

**کۆترەکە – بکەر**

**گەنمەکە – بەرکاری ڕاستەوخۆ**

**٧. باوکەکە دیارییەکەی پێشکەشی کچەکەی کرد.**

**باوکەکە – بکەر**

**دیارییەکە – بەرکاری ڕاستەوخۆ**

**کچەکە – بەرکار (سوودمەند)**

**هەروەها لە تیۆریی ڕێزمانی فەرهەنگیی – ئەرکییدا چەند ئەرکێکی ڕێزمانیی هەیە، کە دەتوانرێت لەلایەن هەندێک جۆری پریدیکاتەوە حوکمبکرێن. لەوانە (COMP تەواوکەر و XCOMP تەواوکەری کراو). بۆ خستنەڕووی هەردوو پەیوەندییەکە، بڕوانە نموونەکانی ( ٨-١١ ).**

**٨. ئەوان ئەو کرێکارەیان پاداشتکرد، کە زوو کارەکەی تەواوکردبوو.**

**٩. *ئەوان ئەو کرێکارەیان پاداشتکرد، هەتا زوو کارەکەی تەواوکردبوو.**

**١٠. من دەمەوێت، تۆ پاداشتبکەم.**

**١١. من دەمەوێت، ئەو/ کاوە پاداشتبکەم.**

**لە ڕستەی (٨)دا، ڕستیلەی لاوەکیی/ کلۆزی (کە زوو کارەکەی تەواوکردبوو) ڕستیلەیەکی ئارگومێنتییە و ڕستیلەی سەرەکیی داوایکردووە (ئەوان کام کرێکارەیان پاداشتکرد؟). پەیوەندیی ڕێزمانیی تەواوکەری COMP هەیە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕستیلە ئارگومێنتییەکە ئەوەیە، کە بە وشەی بەستنەوە و لێکدەری (کە) دەستپێبکات، بۆیە ناونراوە ڕستیلەی (کە). ناڕێزمانیبوونی ڕستەی (٩) بۆ نەبوونی ئەو تایبەتمەندییە دەگەڕێتەوە. لە ڕستەی (١٠)دا ڕستیلەی (تۆ پاداشتبکەم) ڕستیلەیەکی ئارگومێنتییە و ئەرکی تەواوکەری کراوەی XCOMP هەیە. واتە دەتوانرێت لە جێگەی جێناوە سەربەخۆکەی ڕستیلەکە (تۆ) جێناوی دیکە یان ناو بەکاربهێنرێت، بڕوانە ڕستەی (١١).**

جیاوازیی ئەرکە ڕێزمانییەکانی (بکەر، بەرکار..هتد) لەو پەیوەندییە ڕێزمانییانەی، کە دەتوانرێت حوکمبکرێن (COMP, XCOMP) ئەوەیە، کە ئەرکە ڕێزمانیییەکان لە لایەن پریدیکاتەوە وەچەپۆلدیاریکردنیان بۆ دەکرێت و لە شێوەی فرێزێکدا دەبن، بەڵام پەیوەندییە ڕێزمانییە حوکمکراوەکان لەلایەن جۆرێک لە پریدیکاتەوە حوکمدەکرێن، هەروەها زۆر جاریش لە شیوەی ڕستیلەدا / کلۆزدا دەردەکەون[١٩].

جیاوازیی نێوان تەواوکەر COMP و تەواوکەری کراوە XCOMP لەم چەند خاڵەدایە[٢٠]:

1 - لە تەواوکەردا جێناو نییە، بەڵام لە تەواوکەری کراوەدا جێناو هەیە.

2 - لە تەواوکەردا وشەی بەستنەوە (کە) لە سەرەتای ڕستیلەکدا هەیە، بۆیە پێیدەگوترێت ڕستیلەی (کە)، بەڵام لە تەواوکەری کراوەدا نییە.

3 - لە تەواوکەردا حوکمکردنەکە داخراوە و سنووردارە، واتە لە ڕێگەی ڕستیلەی سەرەکیی یان کردارەکەوە دەرکەوتنی جۆری ڕستیلەی تر داخراوە. بەڵام لە تەواوکەری کراوەدا وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، دەرکەوتنی ڕستیلەکان کراوەیە (بڕوانە نموونەکانی (٨-١١)).

4 - لە تەواوکەردا بکەری ڕستیلەی سەرکیی کۆنترۆڵی بکەری ڕستیلەی لاوەکیی دەکات (بڕوانە (١٠-١١)).


جگە لەو ئەرکە ڕێزمانیی و پەیوەندییە ڕێزمانییانەی، کە دەتوانرێت حوکمبکرێن، هەر فرێز و ڕستیلەیەکی تر لە ڕستەدا دەربکەون ئەرکی سەربار وەردەگرن (بڕوانە (١٢)).

١٢- باوکەکە دوێنێ دیارییەکەی بە کچەکەی بەخشیی.

### ١.٢. نواندنی ڕستە بەپێی تیۆریی LFG

لە تیۆریی LFGدا نواندنی ڕستە بەپێی یاساکانی X-باڕ دەبێت، بەڵام بە هۆی ڕێسای یەکپارچەیی لێکسیکییەوە هەندێک جیاوازیی دەنوێنێت. لە LFGدا بۆ سەری ڕستە پۆلەڕەگەزی ئەرکیی (IP- فرێزی شکاندنەوە/تاف و ڕێککەوتن) دانراوە، واتە ناتوانرێت هیچ توخمێکی سەربەخۆی فرێزی شکاندنەوە ( AGR ،T) بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە سەری ڕستە دابنرێت، چونکە بەپێی ڕێسای یەکپارچەیی لێکسیکیی نابێت لەو جۆرە گرێیانەی دروستەی وەچەپێکهاتەدا مۆڕفێم یان دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی بچووکتر لە وشە هەبێت[٢١]. توخمی تاف و ڕێککەوتنەکە هەر لەگەڵ کردارەکەدا دەنوسرێن و لێی جیاناکرێنەوە (بڕوانە (٢))[٢٢].

(٢) نواندنی ڕستەی (١٢) لە تیۆریی LFGدا




[١٩] بڕوانە (Miriam Butt:2014-a)

[٢٠] بڕوانە (Miriam Butt: 2014-b)


[٢١] Miriam Butt: 2014-b و Dalrymple (2019:133)

[٢٢] لە تیۆریی حوکمکردن و بەستنەوەدا فرێزی شکاندنەوە توخمەکانی تاف و ڕێککەوتن لەخۆدەگرێت و هەردوو توخمەکە بە مۆڕفێمی بەند دەنوێنرێن و بە گریمانەی شەقبوونی شکاندنەوە دادەنرێت (بڕوانە: Cook and Newson (2007:109))، بەڵام لە ڕێزمانی لێکسیکیی-ئەرکییدا توخمەکانی تاف و ڕێککەوتن لە فرێزی شکاندنەوەدا بەشێوەی سەربەخۆ نانوێنرێن، بە لای (شێرزاد سەعید سەددیق (94 :2013)ەوە هۆکاری ئاماژەنەکردن بە توخمەکانی تاف و ڕێککەوتن لە فرێزی شکاندنەوەدا بۆ ئابووریکردنە، بەڵام لە تیۆرییەکەدا بنەمای ئابووریکردن بە پاساو دانەنراوە و ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵکو بەپێی ڕێسای یەکپارچەیی لێکسیکیی تیۆرییەکە لەبەر ئەوەی ئەو توخمانە لە وشە بچووکترن بۆیە ناتوانرێت بەشێوەی سەربەخۆ نواندنیان بۆ بکرێت، بەڵکو لە شێوەی مۆڕفێمی بەند بە کردارەکەوە دەلکێنرێن.

**٢.٢. پێکەوەبەستنی دروستەی وەچەپێکهاتە و دروستەی ئەرکی**

**لە تیۆریی LFGدا بە هۆی 'ئەرکی فای  ϕ'وە گرێیەکانی دروستەی وەچەپێکهاتە بە دروستەی ئەرکییەوە دەبەسترێنەوە. لە ئەرکی فایدا  ϕچەند گرێیەکی وەچەپێکهاتە دەتوانن لەگەڵ هەمان دروستەی ئەرکییدا پەیکاڵبن[٢٣].**

**(٣) ئەرکی فای  ϕلە نێوان دروستەی وەچەپێکهاتە و دروستەی ئەرکییدا**





**وەکو لە هێڵکارییەکە دەرختییەکەی (٣)دا دەردەکەوێت، کە هەر یەک لە (DP, D', D) لەگەڵ یەک دروستەی ئەرکییدا پەیکاڵن، هەروەها پرۆژەی Nیش لەگەڵ هەمان دروەستەی ئەرکییدا پەیکاڵن، بۆیە دەڵێین NP و DP لە دروستەی ئەرکیی DPدا هاوبەشن.**

**بە هەمان شیوەی هێڵکارییە درەختییەکەی (٣) لە ڕێگەی ئەرکی فای ϕ دروستەی وەچەپێکهاتەی ڕستە بە دروستەی ئەرکیی دەبەسترێتەوە، بەڵام کۆتوبەندی ئەرکی ϕ لەم پێکەوەبەستنەوەیەدا ئەوەیە، کە زۆرجار هەر گرێیەکی دروستەی وەچەپێکهاتە لەگەڵ تاکە یەک دروستەی ئەرکییدا پەیکاڵ دەبێت[٢٤]. واتە بۆ ئەوەی ڕستەیەکی ڕێزماندروست دروستببێت، مەرجە هەر دروستەیەکی وەچەپێکهاتەی ڕستەکە بە یەک دروستەی ئەرکیی ڕستەکەوە ببەسترێتەوە، پێچەوانەکەیشی مەرجە.**

[23] Dalrymple (2019:136-137)

[٢٤] سەرچاوەی پێشوو (ل138).


**(٤) ئەرکی فای ϕلە ڕستەدا**




**وەکو لە هێڵکاریی درەختیی (٤)دا دەردەکەوێت، هەردوو دروستەی وەچەپێکهاتەی (NP- پۆستەچییەکە) بە دروستەی ئەرکیی بکەرەوە و دروستەی وەچەپێکهاتەی (NP- نامەکە) بە دروستەی ئەرکیی بەرکارەوە بەستراوەنەتەوە، چونکە هەر پەسنێک لە دروستەی ئەرکیی بکەر لەگەڵ دروستەی وەچەپێکهاتەی (NP- پۆستەچییەکە)دا، هەروەها هەر پەسنێک لە دروستەی ئەرکیی بەرکار لەگەڵ دروستەی وەچەپێکهاتەی (NP- نامەکە)دا پەیکاڵن. بەڵام دروستەی وەچەپێکهاتەی کردارەکە VP بە کۆی ڕستەکە بەستراوەتەوە، چونکە هەموو ئەو پەسنانەی لە دروستەی ئەرکیی ڕستەکەدا هەیە، لەگەڵ دروستەی وەچەپێکهاتەی VPدا پەیکاڵن. دروستەی IP، کە سەری ڕستەکەیە، بە هەموو پەسنەکانی دروستەی ئەرکیی ڕستەکەوە دەبەسترێتەوە.**

**لە ئەنجامی پێکەوەبەستنی دروستەی وەچەپێکهاتەی ڕستە و دروستەی ئەرکیی ڕستە، نواندنی هەردوو دروستەکە پێکەو دەنوسرێن (بڕوانە (٥)).**

**(٥) هێڵکاریی درەختیی بۆ نواندنی دروستەی وەچەپێکهاتە و دروستەی ئەرکیی ڕستەی (١٢)**




**لە هێڵكاریی درەختیی (٥)دا، هێماكانی (↑↓) ئاماژە بەو دروستە ئەركییانە دەكەن، كە لەگەڵ یاساكانی دروستكردنی گرێی دروستەی وەچەپێكهاتەدا پەیكاڵن. ئەو هێمایەی ئاڕاستەكەی بۆ سەرەوەیە (↑) ئاماژە بۆ دروستەی ئەركیی گرێی (دایك/سەرەكیی) دەكات. بۆ نموونە لە هێڵكارییە درەختییەكەدا (↑OBJ) ئاماژە بە دروستەی ئەركیی فرێزی كرداریی VP دەدات، كە لە سەرەوەی خۆیەتی. ئەو هێمایەی ئاڕاستەكەی بۆ خوارەوەیە (↓) ئاماژە بۆ دروستەی ئەركیی گرێی (كچ/خوارەوە) دەكات، لە هێڵكارییە درەختییەكەدا ↓ =(↑OBJ) ئاماژە بە دروستەی ئەركیی گرێیەكە خۆی دەدات، كە فرێزی ناوییەNP .**

**بەپێی هێڵكاریی (٥) دروستەی ڕستە بە هەردوو دروستەی وەچەپێكهاتە و دروستەی ئەركییەوە لە تیۆریی (LFG)دا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

**IP ⟵ NP VP**

**(↑SUBJ)=↓ ↑=↓**

## ئەنجام

١. **لەبەر ئەوەی لە تیۆریی ڕێزمانی فەرهەنگیی – ئەركییدا بۆ نواندنە سینتاكسییەكان بایەخ بە فەرهەنگ دەدرێت، وردتر بایەخ بە پێكهاتەی فەرهەنگیی وشەكان دەدرێت، بۆیە لە زمانی كوردییدا توخمەكانی تاف و ڕێككەوتن، كە لەگەڵ كرداردا دێن، لە نواندنی دروستەی ڕستەدا هەر وەكو بەشێک لە پێكهاتەی كردارەكەدا دەمێننەوە. ئەمەیش لەگەڵ ڕێساكانی ڕیزمانی فەرهەنگیی – ئەركیی، بەتایبەتیی ڕێسای یەكپارچەیی لێكسیكییدا، پەیكاڵن.**

٢. **پەسنەكانی فرێزی كرداریی ڕستە لە زمانی كوردییدا، هەمان ئەو پەسنانە لەخۆدەگرێت، كە دروستەی ڕستەیەک هەیەتی. واتە پەسنەكانی فرێزی شكاندنەوە IP و فرێزی كرداریی VP لە زمانی كوردییدا هاوبەشن.**

## سەرچاوەكان

**به زمانی كوردیی:**

١. **عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣). نواندنی زانیارییە زگماكییەكان و دروستەی فۆڕمە گۆڕاوەكان. گۆڤاری زانكۆی سلێمانی- بەشی B . ژ (١٢). سلێمانی.**

٢. **سازان زاهیر سەعید (٢٠١٩). نواندنی سینتاكسیی لە زمانی كوردییدا. نامەی دكتۆرا. بەشی زمانی كوردیی-كۆلێژی زمان – زانكۆی سلێمانیی. سلێمانیی.**

٣.	شێرزاد سەعید سەددیق (2013). ڕستە بەپێی ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا. نامەی دکتۆرا. بەشی زمانی کوردی. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سۆران. هەولێر.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

4. Asudeh, Ash. and Toivonen, Ida. (2009) Lexical-Functional Grammar. To appear in Bernd Heine and Heiko Narrog, eds., *The Oxford Handbook of Linguistic Analysis*. Oxford: Oxford University Press.
5. Broadwell (2014). The Routledge Handbook of Syntax. London: Routledge
6. Bussmann (2006). Routledge Dictionary of Language and Linguistics. London: Routledge.
7. Carnie, A. (2000). Syntax. Oxford: Blackwell Publishers.
8. Chomsky (1988). Lectures on Government and Binding- The Pisa Lectures. 5th edition. Dordrecht: Foris Publications Holland.
9. Cook, V. J. and Newson, M. (2007). Chomsky's Universal Grammar-An Introduction. 3rd edition. MA: Blackwell Publisher.
10. Dalrymple, M. and Findlay, J. (2019). Lexical Functional Grammar. In: Kertész, A., Moravcsik, E. and Rákosi, C. ed. Current Approaches to Syntax. Berlin, Boston: De Gruyter Mouton.
11. Miriam Butt, (a2014):

https://www.youtube.com/watch?v=0zcRNx0ILA4&list=RDLVEoCLhS_0cmE&index=2&ab_channel=KonstanzLinguistics Access in 13-Aug-2021.

12. Miriam Butt, (b2014):

https://www.youtube.com/watch?v=EoCLhS_0cmE&ab_channel=KonstanzLinguistics Access in 9-Aug-2021.

13. Matthews (2007). The Concise Oxford dictionary of Linguistics. 2nd edition. Oxford: Oxford University Press.
14. Richards & Schmidt (2002). Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics. 3rd edition. Essex: Pearson Education Limited.
15. Sells (1985). Lectures on contemporary syntactic theories. California: Center for the study of Language and Information.
16. Trask (1993). A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics. London: Routledge Publishers.

**الخلاصة:**

البحث بعنوان (تمثيل بنية الجملة في اللغة الكوردية- حسب نظرية القواعد المعجمية-الوظيفية). يهدف البحث الى دراسة تمثيل بنية الجملة في اللغة الكوردية. القواعد المعجمية-الوظيفية احدى النظريات المعاصرة في اللسانيات و خاصة في مجال علم النحو التي ترتكز على المعجم كمبدأ تمهيدي لتحديد بنية الجملة من حيث الوظائف و الشكل.

تستمد النظرية من المعجم على تحديد مكونين اساسيين للجملة (أ) بنية العبارة (ب) بنية الوظيفة. فكل جملة في لغة ما تتكون من تلك المكونين. و في هذه البحث حددنا بنية العبارة و بنية الوظيفة في جملة اللغة الكوردية.

ينقسم البحث الى قسمين، القسم الأول يتضمن المبدأ النظري و المفاهيم الاساسية للنظرية. وكذلك يتضمن أهداف النظرية. و من حيث المبادى و المفاهيم الأساسية للنظرية، تناول البحث بنية المعجم و بنية العبارة وبنية الوظيفة.

أما القسم الثاني من البحث فَعرضَ الوظائف القواعدية و بنية الجملة حسب نظرية القواعد المعجمية-الوظيفية في اللغة الكوردية. و أوردَ البحث عِدة امثلة من اللغة الكوردية كأمثلة لتلك المفاهيم. وكذلك تناول البحث مبدأ (وظيفة $\Phi$ - $\Phi$ function) لتوصيل و ربط بنية العبارة ببنية الوظيفة في الأبنية النحوية و خاصة في بنية الجملة في اللغة الكوردية.

## Abstract

The research is entitled (Representing the sentence structure in the Kurdish language - according to the theory of lexical-functional grammar). The research aims to study the representation of sentence structure in the Kurdish language.

The theory is derived from the lexicon on identifying two basic components of the sentence (a) constitute structure (b) functional structure. Every sentence in a language is made up of these two components. In this research, we determined the constitute structure and functional structure in the Kurdish language sentence.

The research is divided into two parts; the first part includes the theoretical principle and the basic concepts of the theory. It also includes the objectives of the theory. In terms of the basic principles and concepts of the theory, the research dealt with the lexicon structure, constitute structure and functional structure.

The second part of the research presented the grammatical functions and sentence structure according to the lexical-functional grammar theory in the Kurdish language. The research also dealt with the principle (function ϕ) to connect and link the constitute structure with the function structure in grammatical structures, especially in the sentence structure in the Kurdish language.